سەید حەکیم لە کاتدرائیەی مار یوسف پیرزبایی ڕۆژی لەدایك بوونی کرد و ڕەسەنایەتی کریستیانەکانی لەعێراق دووپات کردەوە



لە کارتدائیەی مار یوسفی کلدانی کاتولیکییەکان لەبەغدا و بەئامادەبوونی کاردینال لویس ساکۆ بەتریارکی هەمو کلدانەکانی عێراق و جیهان و ئامادەبوونی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پیرزبایی لە سەرجەم کریستیانەکانی عێراق و جیهان کرد بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی شکۆداری سەیدی مەسیح (سلاوی لێ بێت لەگەڵ پێغەمبەری خۆمان) و ووتی کردەوە کە پێکهاتەی مەسیحی پێکهاتەیەکی عێراقی ڕەسەنە و جێگای شانازی هەموو عێراقییەکانە.

سەماحەتی سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە سەیدی مەسیح و خاتوون مەریەم (سلاویان لێ بێت) هەردووکیان ناونیشانی گەورەن لە ڕۆشنبیری ئیسلامی و هەمای پاکن بۆ پیرزی و پاکی و بۆ گەردی.

.سەماحەتی ئاماژەی بۆ چەند ئایەتێکی قورئانی پیرز کرد کە باسی سەیدی مەسیح و خاتوونی مەریەمی کردەوە و دووپاتی کردەوش کە جژنەکانی لەدایك بوونی شکۆدار پەیامێکی هاوپەیمانێتیی و ڕێشتنە لەسەر بەرنامەی پێغەمبەر و پەیامنێران.

. هەروەها سەید حەکیم جەختی لەسەر گرنگی پاراستنی ژنان لە تۆندوتیژی خەزانی و کۆمەڵایەتی کردەوە و ئاو شتانەی باسکردەوە کە خاتوو مەریەم بەسەریدا هاتووە و داوای پەیوەی کردنی کەلتووری ئاشتی و پێکەوەژیان کرد بۆ پتەوکردنی برایەتی و ئینتیمای نیشتمانی لە نێوان ڕەگەکانی خەڵکی عێراقدا..

سەید حەکیم جەختی لەوە کردەوش کە چینی سیاسی گرنگی بە پێکهێنانی حکومەت و کۆکردنەوەی دەستکەوتی ئێرەنی و بەرەوپێشچوون لەسەر هەموی ئاسایش و سەقامگیری و بوژاندنەوە دەدات بەشێوەیەک کە سەرکەوتنە بەدەستهاتووەکان باشتر بکاتەوە.